ئەم هەموو هەرایە لەسەر داواکارانی پەنابەری, بۆ؟

و: سالار ڕەشید
salarrasheed@yahoo.com

چەندیان لێرەن؟ لە ساڵی ڕابوردوودا 110 هەزار کەس داوای مافی پەنابەرییان لە بەریتانیا کردووە, وا دەرئەکەوێت کە ئەم ژمارەیە زۆر بێت, لە ڕاستیدا ساڵی پار, تەنها دوو لە سەدی پەنابەرانی جیهان هاتوونەتە بەریتانیا. لە کوێوە هاتوون؟ یەکەمین سێ وڵات کە ئەو پەنابەرانە لێی هەڵاتوون عێراق, ئەفغانستان و زیمبابۆیە. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا, بەریتانیا بەهۆی کردەوە سەربازییەکانییەوە, بەشداربووە لە پشێوی و نائارامی ئەفغانستان و عێراق, کە ئاکامی ئەو دەخاڵەتە هەزاران قوربانی بووە. گوایە یەکێك لەو هۆیانە بۆ دەخاڵەتکردن لە عێراق و وەستانەوە لە بەرامبەر سەدام, هەلومەرجی ناهەمواری کوردەکانی عێراق بووە! ئیتر چۆن ئەکرێ قسەوباس لەسەر ئەوەبێت کە مافی پەنابەرییان پێ نەدرێت؟! ڕۆژنامەی (دایلی مایپلی)ی بەریتانی پڕە لە تۆمەت, لە دژی ئەوانەی بە داواکارانی پەنابەریی ساختە ناودەبرێن, وەکوو ئەوانەی کە لە زیمبابۆیەوە هاتوون, ئەم تۆمەتانەش لە ڕقوقینیانەوە سەرچاوەیان گرتووە, کەچی لە هەمانکاتدا پڕوپاگەندەی ئەوە ئەکەن, کە جوتیارانی سپی پێست, چۆن تووشی نەهامەتی هاتوون, هۆکاری ئەمەش, ئەگەڕێننەوە بۆ (موگابی) کە چەوسێنەرێکی شێتە و گەلەکەی برسی ئەکات. (دایلی مایپل) پشتگیری سیاسەتێك ئەکات بە تەنها, کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەمەندانە.

ئایا ئەو پەنابەرانە مشەخۆرن؟ زیاتر لەوەی بۆیان ئەنێردرێ خەرج ئەکەن؟ لەماوەی ساڵی دارایی (1999_2000)دا, بە بڕی 31,2 بلیۆن جونەیهی ئیستەرلینی, بەشدارییان لە شتۆیەردا کردووە. وە تەنها بڕی 28,8 بلیۆن قازانجیان بەرکەوتووە. ڕاستتر وایە بۆ ئەو 2,5 بلیۆنە سوپاسیان بکرێت.

ئایا دەستیانگرتووە بەسەر ئەوەی لە گیرفانماندایە؟ مانەوە لەسەر سیستەمی پەنابەری, تەنها بڕی 10 بنسات (جونەیهی ئینگلیزی), لەسەر ئەوانەی کە شتۆیەر ئەدەن پێویست ئەکات. کە ئێمە لێرەدا شەش بەرابەری ئەوە بۆ پاشایەتی خەرج ئەکەین! خوازیارانی پەنابەری تەنها 70 لە سەدی کۆمەکیان بەرئەکەوێت, کە لە داهاتەوە دێت, ئەویش نزمترین سەرچاوەی بژێوییە. وە هەر کەسە ئەبێ هەفتانە بە 37 جونەیهی ئیستەرلینی بژێت..

ئایا ئێمە نێچیرێکین بەئاسانی ڕاوئەکرێین؟! زۆربەی خوازیارانی پەنابەریی ڕوو لە بەریتانیا ناکەن, سێ لەسەر چواری ئەم پەنابەرانە لە وڵاتە هەژارەکاندا دەگیرسێنەوە. بۆ نموونە, ئێران و پاکستان ملیۆنەها ئاوارەی ئەفغانییان قبوڵ کردووە. لە یەکێتی ئەورووپادا, بەریتانیا بە پلەی دوانزەهەمین دێت (لە تێکڕای پانزە وڵاتەکەی ئەو یەکێتییە) بۆ قبوڵکردنی پەنابەران, بە بەراوورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان.

ئەوانە کۆچبەرن, بەدوای کاردا ئەگەڕێن و خوازیاری ڕاستی پەنابەریی نین! لێرەدا بڕگە قسەیەکی مۆنتی بایسۆن (ژیانی بریان)مان بیر ئەکەوێتەوە: (ئەو کوڕی خودا نییە, بەڵکوو کوڕی شەڕەنگێزێکی گەورەیە). ئەوە بە مانای ئەوەدێت, کە لە خاچدانی ڕەوایە؟ زۆربەی پەنابەران داوای کار ئەکەن, بەڵام ڕێگایان پێنادرێ, هەلومەرجەکەش دەیسەلمێنێت, کە بە ئارامبوونەوەی وڵاتانی وەك ئەنگۆلا و یۆگۆسلافیا, ئیتر پەنابەرانی ئەو وڵاتانە, ڕوو بۆ دەرەوە ناهێنن.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەركەكانمان. بەریتانیا لە ئیمزاكەرانی ڕێكەوتننامەی (1951)ی تایبەت بە پەنابەرییە, بۆیە پێویستە پارێزگاری لەوانە بكرێت كە (دەیسەڵمێنن هەڕەشەی چەوسانەوەیان لەسەرە). ئیتر باسەكە ئەبڕێتەوە. سیاسەتی فەرمانڕەوا, لە ڕاستیدا تۆنی بلێر خەرجییەك بەو كەمپانە ئەدات كە پەنابەران لەخۆ ئەگرن, كە كەوتوونەتە سەر سنووری ئەوروپا_ یانی دوورن لە بەریتانیاوە. تەنانەت, هەندێك لە وڵاتە شەریكە ئەوروپییەكانیان, ئەوە بە جۆرێك لە ڕەگەزپەرستی سیاسی كۆنتری بەریتانیا لێكئەدەنەوە. مناڵانی پەنابەران دوور لە مناڵانی تر پەروەردەئەكرێن.

دیڤید بلانكێت_ سكرتێری ناوخۆیی بەریتانیا_ هۆی ئەمە بەوە لێكئەداتەوە: بۆئەوەی بەریان پێبگرن, تا خوێندنگاكان پیس نەكەن.

لێرەدا بلانكێت, پێ لەسەر هەمان شت دائەگرێت, كە پێشتر تاتشەر پێی لەسەر دائەگرت, كە خەمی ئێمەی بوو كلتووری ڕۆژئاواییمان نقومكەن. سوپاس دیڤید بۆ ئەم یاسا ڕەگەزپەرستانەیە.

ئەم وتارە, لە سایتی (حوار لمتمدن)ەوە وەرگیراوە,
وە لە ژمارە (5)ی (فیدراسیۆنی پەنابەران), بلاوكراوەی
فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی, 15/ تەموز/ 2003 بلاوكراوەتەوە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com